## پەیامێک بۆ دەنگە نەبیستراوەکان... ئومێد لەتیف

جوانترین هەستی مرۆڤ بە تێڕوانینی من هەستی بیستن و هەستی دەربڕینە (گوزارشتکردن) ، چونکە ئەو دوو هەستە ئەبنە دروستکردنی پەیوەندی نێوان تاک و دەورووبەر. لەسەردەمی نوێدا (هاوچەرخ) گۆڕینەوەی زانیاری و بیر و بۆچون شتێکی زانراو و باوە لە سەرانسەری دنیادا. بەڵام لە لای ئێمە (کۆمەڵی کوردەواری) تەنها گوێبیستی ئەو شتانە ئەبین کە دەستەو تاقمێک یان چەند کەسانێک کە بەهەڵکەوت یاخود بەدڕەندەیی خۆیان بوونەتە کوێخا!
ئەوەی ئەمەوێ بیڵێم ئەوەیە کە تاکی ئێمەش وەک و هەموو تاکی دنیا هەست و تێڕوانینی خۆی هەیە بەرانبەر بە ژیان. پێشتر پاساوی ئەوەمان هەبوو کە گوایە ژێردەست و داگیرکراوین، ئەی ئاخۆ ئێستا پاساوی چی بۆ ئەو هەموو بێ یاسایی یە و کردەوە نا بەجێیانە بێنینەوە؟ پاساوی ئەوەی کە گەلێکی نەزان و نەفامین؟ یاخود خوا فەرموویەتی کە ئەبێ وا بژین...
ئەی گەلەکەم... ئەی ئەو هەموو دەنگانەی کە نابیسترێن :
تکاتان لێ ناکەم، ڕازی مەبن بە لەتێ نانی کولەمەرگی، مرۆڤ زۆر لەوە گەورەترە کە ببێتە کۆیلەی دەسەڵاتدار. ئەزانم کە ئێوەش تامەزرۆی پێکهێنانی کۆمەڵێکی نوێ خوازن کە یاساو دادوەر لەسەردەستی برا مرۆڤەکان دابین بکرێت.
دەنگ هەڵبڕن... دەنگەکانتان بکەن بەیەک تاوەکو ئەبیسترێن.
خۆ ئێوە جگە لەبەختەوەری و هەستکردن بەبوونی خۆتان داوای هیچ شتێکی تر ناکەن!!!

Omed_arif@hotmail. com